# ئانانسی و زانایی



Ghanaian folktale
Wiehan de Jager
Agri Afshin
3
کوردی ckb



له سەردەمانی زوو خەڵك هیچیان نەدەزانی. خەڵك نەیاندەزانی شت بچێنن یان پارچە بچنن یان کەرەستەی ئاسن دروست بکەن. خەڵك باوەڕیان وابوو خودایەك بەناوی "نیامێ" لە ئاسمانە کە هەموو زانیارییەکانی جیهانی لە لایە. ئەو هەموو زانیارییەکانی لەناو گۆزەیەکی گڵدا شاردۆتەوە.



ڕۆژێکیان نیامە بڕیاری دا کە گۆزەی پڕ لە زانیاری بدات بە ئانانسی. هەر جارەی کە ئانانسی سەیری گۆزەکەی دەکرد، شتێکی نوێ فێر دەبوو. زۆر سەرنجڕاکێش بوو!

ئانانسی چوچنۆك بیری کردەووە: “من ئەم گۆزەیە لەسەر دارێک دەشارمەوە کە تەنیا خۆم بتوانم کەڵکی لێ وەربگرم!” ئەو پەتێکی درێژی هێناو لە دەوری گۆزەکەی ئاڵاند و لە کەمەری خۆی بەست و دواتر بەسەر دارەکە هەڵگەڕا، بەڵام زۆر بە سەختی دەیتوانی بە دارەکەدا هەڵگەڕێ، لەبەر ئەوەی هەموو جارێ گۆزەکە بە ئەژنۆی دەکەوت.





کوڕە بچوکەکەی ئانانسی لەژێر دارەکە وەستابوو چاوی لێ دەکرد و گوتی: "ئاسانتر نەبوو کە ئەگەر ئەو گۆزەیەت لە کۆڵت بەستبا؟" ئەوجار ئانانسی هەوڵی دا کە گۆزەی پڕ لە زانایی لە پشتی ببەستێ. لە ڕاستیدا ئەوا زۆر ئاسانتر بوو.



خەريك بوو لەترۆپكی دارەكە نزيك دەبوويەوە، بەڵام دواتر راوەستا و بیری کردەووە: “بڕیا وابوو هەر ئەمن هەموو زلاییەکم هەبێت، بەڵام ئێستا کوڕەکەم لە من ژیرترە!” ئانانسی زۆر توڕە بوو، بۆیە گۆزەکەی لەسەر درارەکەوە فڕێدایە خوارەوە.



گۆزەکە شکا و بوو بە هەزاران پارچە. ئەوجار زانیاری ئازاد بوو بۆ هەموو کەس کە سوودی لێوەربگرێ. بەم جۆرە بوو کە خەڵك فێربوون زەوی بکێڵن، جلوبەرگ بدوروون و کەرەستەش لەئاسن دروست بکەن، و هەموو شتەکانی دیکەش کە خەڵك دەزانن چۆن دروستیان بکەن.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## ئانانسی و زانایی

Ghanaian folktale
Wiehan de Jager
Agri Afshin

CC BY